# لە داوایەكی قانوونیدا ◆
# هاووڵاتیانی كوردستان داوای 200 ملیۆن دۆلار قەرەبوو لە (بی ئێن بی ) و (ئەی.دەبلیو.بی) دەكەن

و/محەمەدی مشیر
Muhammad_mushir@yahoo.com

رۆژی هەینی رابردوو رێككەوتی 12/22 حەفت هاووڵاتی عێراقی لەبری دانیشتوانی كوردستان داوایەكی دادگەرییان لە دژی بانكی پاریسی نیشتمانی و كۆمپانیایەكی ئوسترالی تایبەت بە ناردنی گەنم بەرزكردەوە كە بەهاكەی 200 ملیون دولارە لە سەر فریودانیان بەهۆی ئەو گەندەڵییەی بەرنامەی (نەوت بەرامبەر خۆراكی نەتەوەیەكگرتووەكان)ی گرتبۆوە.

لەداواكەدا ئەو حەفت كەسە رایانگەیاندووە كە هەریەك لە بانكی پاریسی نیشتمانی(بی ئێن بی) و كۆمپانیای (ئەی.دەبلیو.بی A.W.B )ی سنووردار، كە بە پێی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك بە گەورەترین دابینكاری كەلوپەلە مرۆییەكان دادەنرێت ،بە ئەنقەسد لە ماوەی نێوان ساڵانی 1999 تا 2003هاووڵاتیانی عێراقییان فریوداوە و،بڕی پارەی داواكراویش وەك قەرەبوو لە داوا قانوونییەكەدا كە 200 ملیۆن دۆلارە ، بە پێی یاسایە فیدراڵەكانی قەڵاچۆكردنی (ئیبتزاز) و یاسای گەندەڵی دامەزراوەكان و یاسای قەڵاچۆكردنی مومارەسەی گەندەڵی بیانی و گەلێ یاسای دیكە و، بەڵگەنامەكانی ئەو داوایەی لە بەردەم دادگای ناوچەی (مانهاتن)ی ئەمریكا بەرزكراوەتەوە، لە جیاتی ئەو زیانانەیە كە لە ماوەی ناوبراودا بە خەڵكی كوردستان گەیشتوون. بە پێی بەڵگەنامەكانی بەردەم دادگا هاووڵاتیانی شارەكانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك لە كوردستانی عێراق داوایان هەیە چونكە ئەوان خۆراك و كەلوپەلی ستانداردیان پێنەگەیشتووەو لەو سوودانەی كە مافی خۆیان بووە بێبەشكراون.لە داواكەدا هاتووە كە كۆمپانیاكان لە رێگەی خۆخافڵاندن بە پلانێكی بوودەڵانەی دابڕینی بەشێكی ئەو پارانەی كە تایبەتكرابوون بۆ سوودو بەرژەوەندی عێراقییەكان، دزییان لە عێراقییەكان كردووەو، لە جیاتی رەچاوكردنی بەرژەوەندەكانی گەلی عێراق پارەكانیان بۆ خەزینەی رژێمی بۆگەنی عێراق ناردووە لە كاتی حوكمی سەرۆكی لادراوی عێراق،یان وەك قەرەبووی ئەو كۆمپانیایانە بەكارهاتوون كە كەلوپەلیان بۆ عێراق هێناوە، لەوانەش كۆمپانیای(ئەی.دەبلیو.بی) كە لە جیاتی ئەو بەرتیلانەی بە رژێمی عێراقی داون لەو پارانە قەرەبووكراوەتەوە. داوا دادگەرییەكە روونیكردۆتەوە كە كۆمپانیاكان لە ژێرەوە كاریانكردووە و،گەندەڵییەكانیان داپۆشیوە،بە شێوەیەك وایان نیشانداوە كە ئەو پارانە تێچووی رەوان . هاوكات داواكە كۆمپانیاكانی تۆمەتباركردووە بەوەی كە رێنماییەكانیان زانیوە بەڵام پشتگوێیان خستوون و ئەوەیان فەرامۆشكردووە كە ئەوان بە شێوەیەكی نارەوا پارەیان داوە بە رژێمی سەدام حوسێن.ناوەرۆكی داواكە ئاماژە بەوە دەكات كە بانكی (بی ئێن بی) بڕی 1.5 ملیار دۆلاری داوەو بە رژێمی سەدام و كۆمپانیای (ئەی.دەبلیو. بی)یش پتر لە 200 ملیۆن دۆلاری داوە.

لە راپۆرتێكدا كە لە لایەن لێژنەیەكی حكومەتی ئوسترالی ئامادەكراوەو چەند هەفتەیەك بەر لە ئێستا دەرچووە هاتووە كە كۆمپانیای (ئەی.دەبلیو.بی) لە ماوەی نێوان ساڵانی 1999 تا 2003 بڕی 220 ملیۆن دۆلاری داوە بە رژێمی سەدام لە پێناو دەستەبەركردنی گرێبەستەكانی هاوردنی گەنم بە پێی قانوونی( نەوت بەرامبەر خۆراك). شایانی باسە (جۆن هاوەرد)ی سەرۆك وەزیرانی ئوسترالیا ماوەیەك بەر لە ئێستا لە چوارچێوەی لێكۆڵینەوە فەرمییەكانی تایبەت بەو تۆمەتانەی لە سەر بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك ( كە رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان سەرپەرشتی دەكرد) درابوونە

---

◆ سەرچاوە: (CNN) /2006/12/23

پاڵ هەندێ لەو بەرپرسە گەورانەی یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیاکانی ئوسترالیا بۆ ناردنی گەنم ،بەوەی کە بەرتیلیان داوە بە رژێمی سەدام تاکو گرێبەستەکان بە دەستبهێنن، گەواهی خۆی دابوو.هاوەرد لە گەواهییەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتەکەی هیچ نووسراوێکی دیپلۆماتی پێنەگەیشتووە ئاگاداری بکاتەوە کە کۆمپانیای گەنمی ئوسترالیا سەرپێچی هەیە یاخود ئاماژە بەوە بکات کە کۆمپانیای(ئەی.دەبلیو.بی)، کە بە یەکەمین نێرەری گەنم ئەژمار دەکرێت لە ئوسترالیا، تێگلاوەو بەرتیلی داوەتە بەرپرسانی پێشووی بەغدا تاکو هەندێ کاری ناقانوونی دەستەبەربکات لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراکدا.لە پێشتریشدا راپۆرتی ئەو لیژنەسەربەخۆیەی کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکیهێنابوو بە مەبەستی لێکۆڵینەوەلەو گەندەڵییانەی گوایە لە بەرنامەی ناوبراودا ئەنجامدراون، جەختکراوەتەوە کە رژێمی سەدام حوسێن بڕی 1.8 ملیار دۆلاری وەك بەرتیل و پێشفرۆش (عمولە) وەرگرتووە. (پۆل فۆلکر) سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی یەدەکیی ئەمریکا، کە بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی ئەو لیژنە سەربەخۆیە بووە، رایگەیاندووە کە 66 وڵات سەرچاوەی بەرتیلەکانن و 44 وڵاتیش تێوەگلاون بەوەی کە نرخی پترو نارەوایان وەرگرتووە لە فرۆشتنی نەوت و سەپاندنی نرخی سەربار بەسەر ئەوانەی بەشداربوون لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك. ئەمەو لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە " ماوەی 3 ساڵ بەسەر بەرنامەکە تێپەڕیبوو کاتێك رژێمی سەدام بە ئاشکرا دەستیکرد بە داواکردنی پێشفرۆش لە کڕیارەکان ".هەروەها راپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە "بانکی (بی ئێن بی)، کە سەرپەرشتی حیسابی(ئەسکرۆ)ی پەیوەست بە بەرنامەکەی دەکرد و بڕی پارەکەی 64 ملیار دۆلار بوو، یەك بە یەك ئاگای لە رووداوەکان هەبووە کەچی هیچ رێوشوێنێکی نەگرتۆتەبەر سەبارەت بە بەرپرسیارەتی خۆی لەو کارانەو نەتەوە یەکگرتووەکانی ئاگادارنەکردۆتەوە".